# ئاسایشی تۆ لە ئەستۆی سیاسەتوانان دایە!

ئێمە دەمانەوێت سویدێکی بەهێزتر بنیات بنێین، کە دەرفەتێکی گونجاو بۆ هەموو کەسێک بڕەخسێت کە دەیەوێت ژیانێکی باشتر دابین بکات.

هەموو هاووڵاتیەک مافی نیشتەجێ بوون و ئارامی هەیە لەم وڵاتەدا. ئەمڕۆ بەرزبوونەوەی باری ئابووریی لەسەر بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و هێزی چەک وەستاوە، پێویستە لەلایەن گومرگ و پۆلیسەوە ڕێگەی لێبگیرێت.
توندوتیژیی و کارە کوشندەکان کاریگەری لەسەر هەموو کەسێک هەیە کە لەو ناوچانەی کە چەتە تاوانبارەکان تێیدا بەهێزن، منداڵ نابێت بە شێوەیەکی هەڵە گەشە بکات و باوەڕی بەوە هەبێت کە توندوتیژی و تاوان دەرفەتێکی باشترن لە چوون بۆ قوتابخانە.

دەبێت دەرفەتێکی باش و دادپەروەرانە بۆ پەروەردە بنیات بنرێت. ئەوانەی کە لە سەرەتاوە دەرفەتی باشیان هەیە وئاستی ئابووریيان بەرزە، هەلی قوتابخانەیەکی باشتریان دەست دەکەوێت و ئەوانەی لە ناوچە هەژارەکانەوە دێن کە ئاستی ئابووریيان خراپە، ناچارن بچنە ئەو قوتابخانانەی کە لە ئاستێکی نزمدان. قوتابخانەکانی ئەم وڵاتە بوون بە سەرچاوەی بازرگانی کردن لەلایەن گرووپە گەورەکان و پێشبڕکێ دەکەن بۆ ئەوەی زۆرترین قازانج لە سەر حیسابی قوتابیان و باجدەران بە دەست بهێنن. ئێمە دەمانەوێت کۆتایی بەم دیاردەیە بهێنین، پێویستە قوتابخانەکان کاری باشتر ئەنجام بدەن بۆ بە دەست هێنانی پەروەردەیەکی دروست بۆ هەموو منداڵەکان - ئەمەش ئەرکی سیاسەتوانانە!

ئێمە هەموو پێکەوە ئاسایش بنیات دەنێین. هەمولایەک پێویستە هەلی دامەزراندنی پارێزراو بێت و ژینگەیەکی لە باری کارکردنی هەبێت. نابێت هیچ کەسێک تووشی توند و تیژی بێتەوە یاخود بە چاوێکی کەمتر سەیرو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. دەبێت متمانە بەوە بکەین کە ئەگەر نەخۆش بین یان بێکار بین قەرەبوو بکرێینەوە، ئەمەش ڕێگەمان پێدەدات بەردەوام بین لە پێدانی پسوڵەکان و کرێ کاتێک بە تەمەن دەبین، دەبێت مووچەی خانەنشینیمان هەبێت بۆ ئەوەی بژێوی ژیان ئاسان ببێت.

ئاسایشی ژیان ئەمەش دەگرێتەوە لە کاتی کەژ و ژینگە گۆڕین، دەبێت هەسارەییەکی پاک و زیندو و بۆ نەوەکانمان ئامادە بکەین.

پارتی چەپ مەبەستی بە دەست هێنانەوەی دیموکراتییە لە بوارەکانی خۆشگوزەرانی، سیاسەتی خانووبەرە، ژێرخانەکانی وەک کارەبا و هێڵی شەمەندەفەر و گواستنەوەی گشتی. تەنیا بە بنیادنانی کۆمەڵگایەکی بەهێز دەتوانرێت بەرەنگاری  ژینگەی نالەبار بینەوە و باشکردنی گۆڕانی کەش و هەوا و کەمکردنەوەی نایەکسانی ئابووری و دروستکردنی ئایندەیەکی باشتر بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەم وڵاتەدا دەژین.

ئەرکی سیاسەتوانان ئەوەیە کە گۆڕنکاری بکات و بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ. سیاسەتمەدارەکان پێویستە واز لە گۆڕینی بەرپرسیارێتی لە بازاڕدا بێنن، یاخود تاکە کەسەکان بڕیارە خراپەکان بدەن.

پارتی چەپی دەریخستووە، دەتوانێت ئەنجامێک بەدەست بهێنیت، کاتێک ئێمە داواکاریەکان دەخەینە بەردەم و کاری بۆ دەکەین. ئەمەش لە ئەنجامی متمانەی دەنگدەرانمان ئەم ئەرکەمان پێدراوە. ئەگەر دەتەوێت کاری سیاسەتمەداران ببینی و بە ئەرکەکانیان هەڵدەستن، لەجیاتی ئەوەی تەنیا قسە بکەن - دەنگ بدەن بە پارتی چەپ!